لاهور شێخ جەنگی : پێشوازی لە بڕیارەکانی کۆنگرەی 12ـیەمینی پەکەکە دەکەم

ئەمە دووشەممە ،لاهور شێخ جەنگی، سەرۆکی بەرەی گەل ڕایگەیاند، پێشوازی لە بڕیارەکانی کۆنگرەی 12هەمینی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکات، وتیشی، "دەستاتدارانی ئەنقەرە بەرپرسیارێتیی گەورە و مێژوییان دەکەوێتە سەرشان، پێویستە بڕیاری خراپ و بوڕانە بدەن بە ئاڕاستەی چارەسەری یەکجاری کێشەی کورد".

شێخ جەنگی لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "کۆنگرەی پارتی کرێکارانی کوردستان و بڕیاردان لە خەڵکەوشاندنەوە و کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداریی، پێدانی بڕەهای زیاتر بە پرسەی ئاشتی و چارەسەریی لە تورکیا و هەنگاوێکی ئەرێنییە بە دووركەوتنەوە لە شەڕ و ئاژاوەزی".

ئاماژەی بەوەشکردووە، "پێشوازی لە بڕیارەکانی کۆنگرەی 12ـیەمینی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەم، پێشتر و ئێستاش هانی هەڤاڵانی پەکەکە و دەوڵەتی تورکیامان داوە لەبری شەڕ و خوێنڕشتن بگەڕێنەوە بە مێزی دانوستان و بە ئاشتی ئەو ململانێ مێژووییەی لێنەوان هەردوولا دروست بوە چارەسەر بکەن".

لاهور شێخ جەنگی دەڵێت، "پێیامێکی بەڕێز ئۆجەلان لە 27ـی شوبات و کۆنگرەکەی ئێستای پەکەکە بە

چەکدانان و خەڵکوشاندنەوە، نیاز پاکییەکی گەورەی کورد بۆ گەلانی تورکیا و دەسەڵاتدارانی وەک نیشاندەدات، دەریدەخات کورد گەلێکی ئاشتیخواز و لە ئێگەری هەبوونی کەمترین ئاسۆ بۆ ئاشتی و چارەسەر، هەرگیز بیر لە چەک و شەڕکردن ناکاتەوە".

ئەوەشی خستەڕوو، "لەم پرۆسیەدا و دوای کۆنگرەکەی پارتی کرێکارانی کوردستان، ئۆجەلان داوەتی تورکیایە، دەسەڵاتدارانی ئەنقەرە بەرپرسیارێتیی گەورە و مێژوویان دەکەوێتە سەرشان، پێویستە لەڕە بەدواوە بەیاری خەرا و بوێرانە بدەن بە ئاڕاستەی چارەسەری یەکجاری کێشەی کورد و ڕێگە نەدەن پرۆسەکە لە هیچ شوێنێکدا تێگەڕەی بە دروست بێت، تاوەکو دێگاتە دوامەنزڵ و ئیتر بە هەمیشە کورد و تورک پێکەوە بە ئاشتی بژین".